تەندروستی جیهانی: ڕژێی توشبون تەنگەنەفەسی لە چین لەزیادبوندایە

ڕکخراوی تەندروستی جیهانی رایگەیاند، ڕژێی تەنگە نەفەسی لە وڵاتی چین لە بەرز بوونەوەدایە.

ڕکخراوی تەندروستی جیهانی، نیگەرانیی خۆی لە زیادبوونی حاڵەتەکانی نەخۆشیەکانی کۆئەندامی هەناسەدان و هەوکردنی سیەکان لە چین دەربڕی و داوای لە دانیشتووانی وڵاتەکە کرد "ڕەوشوێنی خۆپارێزی بگرنەبەر".

ئەو ڕاگەیەندراوەی ڕکخراوی تەندروستی نێتەوە یەکگرتووەکان، دوای ئەوە هات کە لە باکووری چین ژمارەی ئەو منداڵانەی تووشی نەخۆشیەکانی هەناسەدان و هەوکردنی سیەکان بوون بە شێوەیەکی بەرچاو زیادیکردووە.

ئاماژەی بەوەشکردووە، پێشنیاری ئەوە دەکات کە دانیشتوانی چین "ڕەوشوێنی پێویست بگرنەبەر بۆ کەمکردنەوەی مەترسی تووشبوون بە نەخۆشیە".

ڕکخراوی تەندروستی جیهانی ڕاشیگەیاند، دەسەڵاتدارانی چین هەکاری زیادبوونی نەخۆشیەکانی تەنگەنەفەسی بەCovid-19 گەڵاندووەتەوە.